www.kurdistannet.org
29-11-2006 8:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کڕنووش بۆ مامۆستای نەمر ئەحمەد هەردی ... بەڵێن ڕەواندوزی

مامۆستا گیان
لەدوورەوە
لەهەندەران
سەری ڕێزو نەوازش و
خۆشەویستی
دائەنوێنم
بێ شك بۆ تۆ
بەدڵێك كەوا پڕ بێ لەسۆ
دەست لەسەر دڵ
لەباخێكا پڕ بێ لەگوڵ
ئەگەر ڕۆژ بێت
بەدەم كڕنوش
بەزامی دڵ كەفرمێسكی
پێ ئەكەم نۆش
رووم بێ لەخۆر
بەنیازی تۆ
لەچاوانی خۆر ئەبینم
شەبەقی تۆ
چونكەخۆر بوو
شەبەقی تۆی
فڕان بەئەوین
بەرلەو كاتەی بزەی لێووت
بەدیاری بەرن
بۆ بەهەشتی پان و بەرین

گەر شەویش بێت
بەرامبەر مانگ
كڕنووش ئەبەم
لەسەر زەوی
بەنیازی تۆ
چۆك دائەدەم
مامۆستای كۆ
ڕووە مانگی تاقەهاوڕێت
لەشەوان و شەو نخوونی
لەبێ داری

www.kurdistannet.org

29-11-2006 8:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لەژان و ژووان
لەدڵداری
لەڕێ ی دوورو نەبڕاوەکەت
بەڕێبواری
ڕەنگی تۆی تیا شك ئەبینم
بێ شك ئەمیش ڕەنگی تۆی برد
لەکەژاوەی نێو ئاسۆی سوور
بەر لەو کاتەی ژووان جێ بێڵێ
سەر بەرەو ژوور
ڕەنگی زەردی زێڕینی تۆی
گڵ دایەوەبەدڵ خوازی
وەك و تاجێك نایەسەری و
بردی بۆ خۆی
بۆ شەو ڕازی

4/11/2006

سوندسڤال

bellen3@hotmail. com